

# جۆن دێوی

## پسپۆڕ و ئەندێشەکار
## لە فەلسەفەی نمونەی باڵای
## دیموکراسیەت

گۆردن لی. زینیۆك
و: لە عەرەبییەوە: جەلال حەمید

1– نمونەی باڵای ئازادی کە بیری

جۆن دێوی ئاراستەو رۆشن دەکات و مۆرك و خەسڵەتی جیاکارانەی پێدەبەخشێ، لەوانەیە نرخی تەواوی خۆی پێنەدرێ، گەر بێتو سەرەتا بە شێوەیەکی گشتی لە مەبەستەکەی نەگەین، دەوڵەمەندی واتاگەلی پەیوەست بە نمونەی باڵا بەگشتی، لە دووهەمین رووەوە وەردەگیرێ و دوونیابینی ئەندێشەکاری imaginativeی دێوی لەهەمبەر نمونەی باڵای دیموکراسی، بە ئەندازەیەکی دوور، ئەو هەڵە دەرەخسێنێ رەوشەنترین نمونەتی باڵای خەملێنراوی دێوی، بریتیە لە نمونە باڵای –المثل الاعلی– مرۆیی بۆ دیموکراسیەت، کە مەبەستێکە هاوکات بەهای دەسکەوتی تایبەتی و یەکەی کۆمەڵایەتی لە خۆ دەگرێ، نمونەی باڵای دیموکراسی، بەتەنها بریتیە لە دوونیابینی رێککەوتنی کۆمەڵایەتی و تاکگەرایی (فرادنیە)– جیاکارانەی بوونەوەرە مرۆییەکان، تۆکمە دەکات، جگە لە بیرۆکە بنەرەتیەکانی تاکگەرایی و هاوکاری و یەکێتی و هەڵکەوتن و دەرەوشانەوەی، یان هەمەرەنگی دەسکەوتوو و بەرهەمی وەڵامی دەرککردن و سەراپاگری (گشتگیری) و کلیلگەلی رێخۆشکار، دەستەبەر ئەکەین، بۆ بەدواداچوونی بیرۆکە، پەردە لەروو هەڵماڵراوەکانی دیوی لەمەڕ مەبەستگەلی نمونە باڵاکان و بەگشتی لەرووی یەکێتی و تەبایی (مەبەست لە بوونی ئەو هێزانەی، کە لە ناخی مرۆڤان و مامەڵەی نێوان تاکەکان و مامەڵەکردنی سروشت رێکدەخەن) کە لە رووانگەی دیوی روشی توانای دانانی پەیوەندی نێوان نمونەیەکی باڵای پلان دارێژراو و هێزی یەکخەری بیری ئەندێشەکاری دەگەیەنێ یەکێتی و تەبایی پێش ئەوەی دەستگیرکرێن، پێویستە ئەندێشەو وێناکراوبن ئەمەش تەواوی ئەو کارەکردەکیە دوونیابینیە ئەندێشەکاریانەیە کە دەروانە گەیشتن بە راستیەکان و لە ئان و ساتی خۆی و بەهۆی لۆجیکی راستەقینە یەکدەگرنەوەو پاشان بە یارمەتی ئەو ئاوێتەی هێزو ورزەگەلی نێو مەسەلە پراکتکیە دروستکراوەکان دەبن.

بەمجۆرە بیرۆکەی نمونەی باڵای دیاریکراو بە سیفەتی دوونیابینیەکی بەرفراوان و سەراپایی لە پشتگیریکردنی تایبەتی و کۆمەڵایەتی و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و پاڵپشتکردنی بوونی فیزیکی ئەشێ رووناکتر بێ لە رێگەی گەڵاڵەکردنی ئەو پێگەیەی کە ئەندێشەکاری لەمیان پسپۆریدا داگیری دەکات و بەتایبەتی لەو رووەی کە پەیوەندی بە ئەرکی کردەکیانە، یان ئەو ئەرکە ئەخلاقیەوە هەیە کە یەکێتی و جڵەوی ئەندێشەکاری زیندوو لەمیان پرۆژەی ئامانجەکان و نمونەی باڵا دەستەبەر دەکات، بەمجۆرە رێنومایکردنی لایەنێك لەو بنەمایە روودەدات کە تێگەیشتنی ئەرکی کردەکی نمونەی باڵای دیموکراسی لە رێگەی دووبارە ئاراستەکردنی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی بەدەر لە راستکردنەوەی رووگاو ئامانجە فەلسەفیە هاوچەرخەکان لەسەری دادەمەزرێ.

2–دەستواژەی نمونەی بەرز، بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەی ئەوە دەدات، کە رووەو بیرکردنەوەو ئەندێشەکاری پەل کێشمان کات، بەڵام بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەستەبژێر ناکرێ (ئایدیالی، نمونەیی، مشالی) بە شێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ واقیعدا بەراورد ئەکرێ و بەم شێوەیە ئاماژە بۆ بوونی توانراو، ممکن، possibleدەکات نەك بوونی کردەکیانە، هەر بیرۆکەیەك بەم واتایە بگیرێتە بەر، بە نمونەی باڵا دادەنرێ، چونکە ئاماژە بۆ شتی نادیار دەکات، گەرچی شتەکە توانای دەستگیرکردنیشی هەیە، نمونەی باڵا بە تەنها بریتیە لە گومان گەلێك کە هێشتا نەسەلمێنراو و ناجێگرن و دەسکەوتە ئەگەراوییەکان، بەو رەوشە کردەکی، یاخود توانراوانە گرێدەدات، کە ئەشێ ناوی پرۆژەی گریمانەکردنیان لێبنرێ ئەوانەی روودەدەن، یاخود بیرو نمونە باڵاکان هەردوو بە تەنها بریتین لە توانا نەخشە بۆ دارێژراوەکان و هەر بیرۆکەیەك گەر، تەنانەت لەسەر بنەمای پسپۆری پێشوەختە بوونیاتنرابێ، ئەوە رووگەیەکی ئایندەبیانەی هەیە توانراو بریتیە لەو نا ئامادەگیەی کە لەم ساتەدا، بوونی نییە و وەك ئەو رووداوە ئەگەراویەیە کە هێشتا نەهاتۆتە دی و توانراو بریتیە لە توانای وێناکردن و تێرامان ئەشێ وا رووبات، کە بیرۆکەیەك لە سۆنگەی رووداوێکی رابردوو هەڵێنجرێ و ببێتە خاوەن خاسیەتی، یان پەیوەندییەکی لۆجیکی ئەوتۆ، کە لە هەنووکە، نەتوانرێ تێبینیکرێ ئەشێ وێنەیەکی ئامادەی نێو زەینی فرە تێپەڕوتر لە ونبونی، بە شێوەیەکی نەخۆکردەك و نامەبەستی ئاماژە بۆ زنجیرە رووداوێکی رابردوو بکات، کەوابوو ئەندێشەکاری دەتوانێ ئەم ناوەرۆکە برازێنێتەوە و ئەرکی داهێنەریش دووبارە رێکخستنەوەی ئەندێشەکارییە، بەڵام وێنەی ئاماژەدەر بەراستی مێژووش، هەروەها لە ئایندەدا بە دروستی چێژ لە پیادەکردنی دەبینرێ و ئەشێ ئاماژە بۆ کردارو پەیوەندی توانراوی نێوان هۆکارو ئەنجامە لۆجیکیەکان بکات.

ئەزمونی ئاستەنگیە پێداتێپەڕیوەکانی ڕابردووی مرۆڤ لە ئایندەدا ئاماژە بۆ پسپۆڕێتی ئەگەراوی ئاستەنگیەکان دەکات. ئەو هەنگوینەی کە لە ڕابردوو لامان شیرین بوو، لە ئایندەشدا ئەگەراوی ئاستەنگیەکان دەکات. ئەو هەنگوینەی کە لە ڕابردوو لامان شیرین بوو لە ئایندەشدا ئەگەری ئەوەی هەیە بەلامانەوە شیرین بێت شیرین چاوەڕوانکراوی هەنگوین لە هەنووکەدا خاوەن بوونە، بەڵام بونێك کە سیفەتی ئەگەراوی لەخۆدەگرێ، بێتو گەر کەوچکێ شیرینی بگرینە دەستی، پێشبینی شیرین بوون و پێشبینی چۆنیەتی دروستبوونی، کارلێکی چێژ بینیەکەیشی دەکەم و دەرك بەو ئەنجامە لۆجیکیە دەکەم، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی هەنووکەییەوە، وزەم پێدەبەخشێ و ئەمەش بە مەرجێکی سەرانجڕاکێش دادەنرێ، پێویستە ڕەچاوی ئەوەی بکرێ، کە توانای ڕوودراوەکان لەوانەیە شانبەشانی توانا شاردراوە کردەکیەکان، جێبەجێکرێن، یا نەکرێن، واتە هەر زنجیرە ڕووداوێك نزیك و دوور دەتوانرێ بیری لێکرێتەوە، بەڵام هەموو زنجیرە بیرێکی ڕاگوزەر دەتوانێ، بە نێو زەیندا تێپەڕێ، یان تێنەپەڕێ و وێناکردنی واقیعی پشت بەشیکردنەوەی بابەتی ئەو مەیل و ئالوودەبوونانە دەبەستێ، کە وزە ورووژێنە ئامادەکان بە شێوەیەکی کردەکی دەیانگرنە خۆ.

3-جۆن دیوی لە سۆنگەی واقیعی هەنووکەیی و پێشکەوتنی ڕەوتە توانراوەکانی ڕاستیە براوەکان (بە سەلماندنەی کە بۆ ناساندنی پرەنسیپی پێشەکیە لۆجیکیەکان لە زانراوەوە بەرەو زانراو-معلوم- هەنگاو دەنێ پریسس بەرەنجام زانراو، یاخود پێدراو بەرەو نەزانراو دەبات و بە مەسەلەی بیروباوەڕ، یان دەسوەسەد سەرقاڵبوونی هەژماری دەکات (حدس پێشبینیکردنی conjecture) بریتیە لە ڕێگەی پەیبردن و دۆزینکاری کە لە ئاییندەدا سەلماندنی تیۆری تیا دەردەکەوێ، نەوەك لە واقیعی ڕابردوو، هەروەها پێناسەکانیش بریتین لەبەرەنجام و پۆلیکاری هەمەجۆر بەرادەیەك کە چەشنی نمونەگەلێك لەمەڕ کردارگەلی شمەك، یان ئەرکەکان تیا ڕەنگ دەدەنەوەو خۆیان لە دەرکەوتنی ماهیەتە جێگیرەکان دووردەخەنەوە شت بە تەنها بریتیە لە ڕێگەی کارپێکردن و بەکارهێنان و توانای کارکردن ئەرکی شتەکە (ئەو کردارەی کە دەتوانێ پێهەڵسێ) واتای پێدەبەخشێ، هەرچەندە تەواوی کردارەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە ئەزمونەکەیدا تێناپەڕێ (چونکە لایەکی دەکەوێتە ئایندەوە) تێکڕای ڕەفتارو هەڵسوکەوت و ڕەوت و ڕێچکەی وزە بەکارهێنراوەکانی، تەنها وەك تواناگەلێکی حەشاردراو دەمێنێت ئەوەو پشت بە ڕەچاوکردنی ڕاستەوخۆ دەبەستێ، وێڕای ئەوەی کە تواناکان دەتوانن ڕاستەوخۆ بە نێو ئەزموونەکانیاندا تێپەڕن و بەشێوەیەکی ورد ئەو ڕاستیە هزریانە mental facts وەسفکەن، کە لە سۆنگەی پەیوەندی گەلێکی نا ئامادەوە


جۆن دێوی

سیفەتێك وێنادەکرێت، کە مەرجگەلی پەیوەندیدار بە ئەنجامەکان پێکدەهێنن)

ئاماژە بۆ توانا بینراوە ئامادەگیەکانی ئاییندە دەکات و ناوی بەرەنجام، inferenceیان لێدەنێ، بە پێچەوانەی ئەو

بیرۆکە گەلی پێدراوی چەشنی بیرۆکەکان، رەنگدەدەنەوە، بیرۆکەکان وێنەی کردەکی، یاخود وشەگەلی، یان کۆمەڵە نیشانەیەکی و ئاماژە بۆ کردارگەلی مومکین دەکەن، وێناکردنی تواناکانی ئایندە کە لە راستیدا خاوەنداری سەرجەم بیرۆکەکان لەخۆ دەگرێ پەیوەندی بە مەسەلەی بڕواو خەملاندن و گریمانە کارییەکانەوە هەیە، بیرکردنەوەی وەك ئەم بیرۆکە وێناکراوە، بریتی نییە لە مەعریفە، چونکە مومکین نییە رووداوەکان بەر لە روودانیان، پەیان پێ ببرێ، وێناکردنی ئەنجامەکان یان مەبەستەکان بەسەرکێشکارییەکی گەورەتر دادەنرێ، وەك لە خەملاندنی زانستی، چونکە مەسەلە مرۆییەکان، لە مەسەلەکانی سروشتی مادی پێشبینیکراو گەلێ تواناداترو ئاڵۆزتر دەردەکەون، تەنانەت ئێستاش لەبواری زانستی فیزیکدا، کۆمەڵە هەڵوێستگەلێکی کتوپڕ لە چوارچێوەی شکست پێکردنی، چەند گریمانە کارییەك بەرامبەر بە راستیە پارادۆکسەکان، رادەوەستن ئەوانە لەهەموو حاڵەتێکدا تاقیکردنەوەی بوونی متمانەداری نێوان پەیوەندییە وێناکراوەکان لەمیان رەوشی کۆمەڵایەتی و ئەنجامەکانیان بەدەسکەوت، یاخود راستیکردەکی دادەنێن.

رامان لە مەبەستی وێناکراو، یان بیرۆکەی وێناکراو بریتییە لە شێوەخوازراوەکەی و شێوازی وەرگیراوی روویەکی شتەکان، بەهۆی خۆییاکردنی مەسەلەی (زیرەکی، ......intelligence)راستی لەبواری زانستی لەسەرەنجامی زەمەنکاری ئەو ئەنجامە دەسکەوتووانەدا دەگیرسێتەوە کە ئەزمونی دامەزراو لەسەر بنەمای گریمانەکان فۆرمەلە دەکرێ.

4–ئێمە وادەبینین دیوی پێدەچێ بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ جیاکردنەوەی نمونەی، باڵا بەسیفەتی توانراو هەندێك بیرۆکەی تەمومژاوی تەقلیدی، سەبارەت نمونەی باڵا بە سیفەتی توانراو و هەندێك بیرۆکەی تەمومژاوی تەقلیدی سەبارەت، نمونەی باڵا دەکات و سەبارەت بە فەلسەفە ئایدیالی میتافیزیکیەکان و لەوانە فەلسەفەی ئیفلاتون، وا دەڕوانێ کە نمونەی باڵا لەسایەی کاریگەرییەکی گەورەو بوونەوەریەتیەکی پلە بەرزتر، لە گریمانەی پسپۆڕێدا خۆ دەنوێنێ، نمونەی باڵا لەو بارودۆخەدا دەبێتە جۆرێکی دی لە راستی بەدیهێنراو حەقیقەتێکی نەمر، بەمانای وشەو ئەم دوالیزمەی نێوان راستیە رووالەتیەکان، لای دیوی لە بەهای پسپۆڕی کەمدەکەن و دوورەپەرێزی رادەگرن. نمونەی باڵا بە شێوەیەکی تۆکمە دەسەڵات بەسەر وێناکارییە بەها سنوردارەکان دەکێشێ، چونکە توانا گەلێکی دیاری نەکراو ئاماژە بەوە دەدەن و رووگای وزە کردەکیەکان دیارینەکراون و رووداوەکانی بەرامبەریان پتر لە شێوازێك لە خۆ دەگرن، بۆ ئەوەی ئاکام خۆیان بسەلمێنن، ئەشێ سەرقاڵبوونی پێشوەختەی نمونەی باڵا، وەك وێناکەری سیستمێکی واقیع جیاواز لەکاری واقیعی دوورکەوتوبێ، لەپێناو دامەزراندنی گریمانەکاری زانستی، لەسەر بنەمای بزواتی واقیعی گریمانە کردەکیەکان، چونکە بە بیروڕای دیوی نمونەی باڵا، وەك رەوشی توانای بیرکردنەوە کارەکانی لە بۆتەی (پسپۆڕی، خبرە) نەك لە دەرەوەیدا ئەنجامدەدات، کەوا بوو دیوی لەمەبەست و ئامانج نزیکبۆتەوە. وردبونەوە لە بوونی توانراو و راستیەکانی بوونی کردەکی، بە تەنها بریتیە لەو ئەرکانەی کە پشت بە یەکدی دەبەستن، لەمیان ئەو کردە هەماهەنگە دیموکراسیەی، کە لە چوارچێوەی پسپۆڕیدا روو دەدەن راماڵینی نمونەی باڵا و جیاکردنەوەی لە پسپۆڕی دەگاتە رادەیەك، پاڵ بە وزە ئامادەبووەکانەوە دەنێ، بەبێ تیۆەگلانی کردارو نەخشەی ئاراستەکراوی هزر لە بەرەو پێشچوونی هەنووکەیی بەردەوام بن.

تەنانەت دابڕینی نمونەی باڵای رۆحی لە گریمانەکاری ماتریالی مەسەلە شایستە بە گۆڕانکارییە تاکیەکانیش زامن دەکات.

5–بیرۆکە و راستیەکان پێویستیان بە یەکترییە، راستیەکان بێ بیرۆکە تەماوین و زیندوێتیان تیا بەدی ناکرێ، گەر بیرۆکەو نمونە باڵاکان دوور لە راستیەکان بگیرێنە بەر، ئەوا بنەمایان نامێنێ و کاریگەریش لەدەست دەدەن، بەڵام هەریەك لە کردارێتی (واتە بەکاراکردنی شتەکان–وەرگێر) و توانداری –امکانیە– قەرەبووی کەموکورییەکانی یەکدی دەکەن، و یەکتری تەواو دەکەن توانا گریمانە کراوەکان یەکێتی و یەکگرتن لە نێوانیاندا هەیە و پێویستیان بە واقیع و بوو نیشە، بەڵام کردارە گریمانەکراوەکان خاوەن هێزوبوونی جێگیرن و پێویستیان بەو یەکێتی و بەردەوامیەیە، کە بیرۆکە هاوپەیوەستەکان لە سۆنگەیانەوە بە شێوەیەکی لۆجیکی دەخرێنەڕوو و لە روانگەی کاری کردەکیی، یان توێژینەوەی زانستی راستی و بیرۆکەکان، یاخود کردارو تواناکان یەکتری تەواو دەکەن، بە رادەیەك یەکێتی بە پسپۆڕی پێداویست دەبەخشن و ئەمیش کردایێتی و تواناداری دەگرێتە خۆ لە

حاڵەتی هەڵسوکەوتی ئاکاریانەدا، مەبەست یان نمونەی باڵا چەشنی دەسکەوتی بەهاداروو ئارەززکراو گریمانە دەکرێن، نەك وەك تەنها پێشبینییەك بە رووی گریمانەکاندا بەڵکو وەك حوکمگەلێکی داسەپاو بەسەر ئەو رووگاو ئاراستانەی کە گریمانە پێدراوەکان وەك سیماگەل دەیانگرنەخۆ و ئەم کارەش شانبەشان دەسکەوتی چاوەڕوان کراو، یان بەرەنجامی توێژینەوەی زانستی راست دەروات یەکێتی نێوان پسپۆڕی ستاتێکی و ئایینی بریتیە لە یەکێتی نێوان تواناداروو کردارێتی لە سۆنگەی کاری هەنووکەیی و کاری بەسەرچوو چالاکیە زانسی و کردارییەکان جیاوازی دیاریکراوی نێوان توانادارو کردارێتی دەپارێزن هەرچەندە (چالاکیەکان...) بەشێوەیەکی ئاڵوگۆڕ لە یەکێکەوە، بۆ ئەوەی دی دەگوازرێنەوە، بەڵام بەواتایەکی دی، یەکێکیان حوکم بەسەر ئەویتریاندا دەسەپێنێ ووردەبوونەوە لە رێگەی رەچاوکردن و ئەزمون لە راستیەکان، بیرۆکەکان چاك دەکەنەوەو ئەمانیش رۆڵی تەباکردن و گونجاندنی راستیەکان دەگێڕن، مەبەست و ئامانجی چاوپێداخشانەوەی راستی و بیرۆکەکان، وەك دوو پێکەوە گرێداوی (دیموکراسیەتی راستیەکان و بیرۆکەکان) بە ئاراستەی بەشی دواوەی مەسەلە زانستی و کردەکیەکان و بابەتی ئەو رۆڵەی کە فەلسەفە و پەیوەندی نێوان بیرکردنەوەو بوون، یان بیرکردنەوەو ژیان پێبهەڵدەستی، گەورەو بەرفراوانتر دەبێتەوە لە روانگەی جۆن دیوی نمونەی باڵا دەبێ هیچ شکۆدارییەك بە دینداریتی (piety) تقوی گریمانەکراو نەبەخشێ و نەیکاتە سەرداری بیرۆکەکانی دی، وەك ئەوەی ئەوانە توناکار گەلێکی پەی بەرن بە واتای شتە کردارییەکان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە چالاکیەکان ئەو بناغانەمان پێدەدەن، کە لە رێگەیانەوە دەتوانین لە بوونی تواناکان امکانیان بکۆڵینەوە، بەم واتایەش بیرۆکەو نمونە باڵا مەبەستدارەکان دەبنە ئامرازگەلی instruments بۆ کارکردنە سەر مەسەلە کردەکیەکان، بەڵام مەبەست لە راستیەکان، دامەزراندنی ئەو بناغانەیە، کە بیرۆکەکان فۆرمەلە دەکەن و پاکۆکاریان تیا ئەنجامدەدەن و ئەوەش ئاماژە بە پێویست بوونی بەردەوامی نێوان بیرکردنەوەو ژیان دەکات، بەردەوامیەك کە وێڕای ئەوە، دەبێ گرنگی رێژەیی هەر لایەك لە لایەنەکانی مامەڵە کارییەکە بپارێزی لە ڕوانگەی ئەم لۆجیکەی کە لەسەر بنەمای پەیوەندی ئاڵوگۆڕی سودی نێوان راستی و بیرۆکەکان دامەزراوە، لەوانەیە ئەو تێڕوانینە بۆ ئایدیالیەتی دێوی هەڵەبێ کە لە سۆنگەیەوە بەتەنها تیۆری دەکاتە پاشکۆی ئەزمون و پسپۆڕی.

هەندێجار بەدەستهێنانی واتاکان، لەمیان گەمەی سەربەستی بیرۆکەکان بەمەبەست و هەندێ جاریش بە هۆکار (وسیلە) لەقەڵەم دەدرێ.


ئەفلاتوون

تەیارکردن و دەوڵەمەندکردنی پسپۆڕی بەواتاکان و بەگوێرەی توانادارێتی هاوکات مانای کارلێکردنی ئاڵوگۆڕ کراو پتەوکردنی بیرکردنەوەو ژیان دەبەخشێ.

پسپۆڕییەتی تۆکمەو یەکگرتوو پێویستی بە هەبوونی هەماهەنگی دیموکراسیانە هەیە بە پێشبڕکێی نێوان تیۆری و جێبەجێکردن لەسەر بنەمای حوکم بەسەر یەکتر سەپاندن.

**سەرچاوە:**

**رۆژنامەی (الصباح) ژمارە (865)**